## چەندان فێستیڤاڵی فراوانیان سازداوە..

# عەشیرەتەکان سەرلەنوێ زیندوودەبنەوەوخۆیان ڕێکدەخەنەوە

ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini 79@hotmail.com



عەشیرەتەکان وعەشیرەتگەریی لەزیندوو بوونەوەدایە، چەند ساڵێکە عێڵی جاف فێستیڤاڵی فراوانی خۆی بەئامادەبوونی هەزاران کەس لەئەندامانی ئەو عەشیرەتە سازدەدات، ساڵانە لەمیانەی ئەم کەرنەڤاڵەوە ژمارەیەکی بەرفرەی خەڵك پەیمانی خۆیان بۆ عەشیرەت وهۆزەکەیان دووبارە دەکەنەوە و سەرۆکی نوێ بۆ ڕایی کردنی کاروباری هۆز دەستنیشان دەکەن، بەم دواییانەش لەمیانەی چەند کۆبوونەوە و لێك نزیکبوونەوەیەك عەشیرەتی گۆران ڕاگەیەندرا، وادەبینرێ زیندووکردنەوەی عەشیرەتەکان و بەهێزکردنیان بەشێك و تاکتیکێکە لە تاکتیکەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەم بارەوە نیگەرانن و رایدەگەیەنن لەبری کۆمەککردن و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بیر لەبەهێزکردن و زیندووکردنەوەی هۆزەکانی کوردستان کراوەتەوە کە راستەوخۆ ئەم کارە پێچەوانەوی ئەو کۆمەڵگە مەدەنییەیە کە لە کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت.

ئەندامانی عەشیرەتەکان و ستافی سەرپەرشتی فێستیڤاڵەکان بەپێچەوانەوە دەدوێن و دەڵێن عەشیرەتەکان دژی تەوژمە نوێیەکان نین، بەڵکو عەشیرەتەکان بەدرێژایی دەیان ساڵان ڕۆڵیان هەبووە لەبزاڤی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیدا.

پارتە سیاسییەکان بێدەنگ ماونەتەوە و هیچ ڕاگەیاندن و هەڵوێستێکیان لەوبارەوە نییە، هەرچی هاووڵاتیانیشە بەرێژەی زۆرینە لەگەڵ زیندووکردنەوەی عەشیرەتەکان و ڕۆڵ پێدانیان نین چونکە وایدەبینن دەبێت لەقۆناغی ژیانی شارنشینیدا ژیانی مرۆڤ بەیاسای مەدەنی و

مۆدێرن ڕێکبخرێت نەك بەپێی یاساکانی عەشیرەت کە قۆناغیان بەسەرچووە و عەقڵی خەڵك لەزۆر زووەوە تێیپەڕاندووە.

مەریوان مەحمود- وتی: ئێستا کەی کاتی عەشیرەتگەریی و کۆنفرانسی جاف و گۆرانە؟ نە وڵات چارەنووسی دیارە، نە ژیان ڕوونە، نەکەس دڵی خۆشە، گرانی خواردووینی، کەچی وەك لەوەی لەم وڵاتەدا یەك کێشەی تر نەبێت، دێن فێستیڤاڵی عەشایەریی دەکەن. ئەم شتانە هەمووی سیاسەتن و خەڵك بەوەوە مەشغوڵ دەکەن تابیریان لەلای ئەوە نەبێت لەهەموو مافێك بێبەش کراون و لەبەرچاویاندا بەرۆژی ڕووناك سەروەت و سامانیان دەدزرێت و ناتوانن هیچ قسەیەکیش بکەن.

شیلان عەبدوڵلاّ وتی: زۆر بەلامەوە سەیرە، لەلایەك باس لەدیموکراتییەت و کۆمەڵی مەدەنی دەکرێت و لەلایەکی ترەوە عەشیرەت و هۆزگەرایی دەهێنرێتەوە سەر شانۆ. کەس لەم وڵاتە تێناگات، دیموکراتییە یان دیکتاتۆریی؟ قانوونییە یان خێڵەکی؟

ئەم هەموو قسە زلە لەڕادیۆو ڕۆژنامەکانەوە لەبارەی دیموکراتییەتەوە دەکرێت کەچی ملیۆنەها دینار بۆ عەشیرەت و کۆنفرانسەکانیان بەفیڕۆ دەدرێت، برۆ هەرچی سەرۆك عەشیرەتە مانگی سێ ملیۆن دیناریان لەزیایە بۆ براوەتەوە و لە هەمان کاتدا هەر هەموویان کەسی بەڕێزن لەلای مام جەلال و کاك مەسعود لەکاتێکدا ئەو سەرۆك عەشیرەتانە ئاسانترین شت بەلایانەوە ژن کوشتن و قەدەغەکردنی پەیوەندیی خۆشەویستییە لەناوچەکانیاندا یان لەناو سنووری خێڵەکەیاندا.

خەلیل جاف- ئەندامی عەشیرەتی جافە و دووجار لەدوای یەك لەفێستیڤاڵی ساڵانەی عێلی جاف بەشداریی کردووە دەڵێ: نازانم ڕاگەیاندن بۆ مەسەلەکان دەشێوێنن؟ عەشیرەتەکان لەسەردەمی شۆڕشدا باشترین ڕۆڵیان هەبوو، هەر ئەوان بوون لە گوندەکاندا لانەی پێشمەرگەبوون و هەر ئەوان بوون ئەنفال کران لەدێیەکانیاندا.

جا لەو فیستیڤاڵەدا چالاکی فۆلکلۆریی و هونەریی کراوە کە هەمووی ڕەسەنایەتی گەلەکەمانە و پیشانی هەموو خەڵك دەدرێت، ئیدی ئەمە بۆچی خراپ بێت؟ بەداخەوە هەندێك کە خۆیان بەرۆشنبیر و قەڵەم بەدەست دەزانن بەبێ ئەوەی وەزعەکەیان دیبێ یەکسەر بەخراپە لەسەریان نووسی، بەڵام ئەو بەڕێزانە بیانەوێت یان نەیانەوێت کۆمەڵگەکەی ئێمە عەشایەرییە بۆیە ناکرێت وەك ئەوروپا سەیری بکەیت و شتی ئەوێی بەسەردا فەرزبکەیت.

مامۆستا ڕێبوار- هەڵسوڕاوێکی بواری کۆمەڵی مەدەنییە و چەندین ساڵە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا کاردەکات وتی: سازدانی فێستیڤاڵی عەشیرەتەکان و زیندووکردنەوەیان بەهەموو مانایەك کوشتنی سەرەتاکانی دیموکراسی و پەکخستنی هەنگاوەکانە بەرەو کردنەوەی دەرگای کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و کراوە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان، ئەم هەوڵە بریتییە لە تەسلیم کردنی کلیلی کۆمەڵگە بەیاساکانی عەشیرەت نەك یاسا مەدەنییەکان.

مەدەنیەت و عەشیرەتگەریی دوو بوونی دژبەیەکیان هەیە، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دەکرێت و دەبێت هەر یەکێکیان هەبێ، زۆر بەداخیشەوە تا ڕۆژی ئەمرۆ لەوڵاتی کوردستاندا عەشیرەتگەریی باڵادەست بووە و ڕۆڵی گێڕاوە بەتایبەت لەبواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەحمەد گۆران – تەمەنی سی و حەوت ساڵە و یەکێکە لەدەمسپییەکانی عەشیرەتی گۆران باس لەدروستکردنی عەشیرەتەکەیان دەکات و بەحاڵەتێکی ئاسایی دەزانێت و وەك خۆی دەڵێ دیموکراتییەتەو لە دیموکراتییەتدا جێی ئێمەش دەبێتەوە، ئەو لەمیانەی قسەکانیدا وتی: گۆران وەك عەشیرەت حیسابی بۆ نەدەکرا، ئێمە لەم ماوەیدا چەند کۆبوونەوەیەکمان سازداو عەشیرەتەکەمان دروستکردو دەمسپییەکانمان بۆ هەر گوندو جەماعەتێك هەڵبژاردو منیش یەکێك بووم بەدەمسپی هەڵبژێردرام.

من لەگەڵ ئەو قەناعەتەدانیم کە دەڵێ عەشیرەتگەریی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێ بۆچی ناگونجێ؟ کۆمەڵگەکە قبووڵییەتی، ئەگەر خەڵکێك هەبێت قبوڵی نەکات بەتەئکید ئەو کەسانە ژمارەیان کەمەو ناگاتە 5٪، جا ڕای کامیان گرنگترە 95٪ یان 5٪ ؟ جا ئەم مەسەلەی عەشیرەتە زۆر سوودی هەیە ئەوە لێقەومانە یان نەخۆشی و خوانەخواستە شین ومردنێکە، ئێرە ئەوروپا نییە بڵێی پێویستم بە کەس نییە ئەگەر کەست نەبێ و عەشیرەت نەبێت هیچ حسابێکت بۆ ناکرێ، ئەوەی عەشیرەتی نەبوو گوندەکەشی ئاوەدان نەکرایەوە.

ئاسۆ جەبار- نووسەر و ڕووناکبیر و هەڵسووڕاوی بواری کۆمەڵی مەدەنی دەڵێ: یەکێك لەو دیاردە ناشیرینانە و دژ بەمەدەنیەت و دژ بەدیموکراتییەت و کۆمەڵگەی کراوە و دنیای مودێرن خڕکردنەوە و بەهێزکردنی عەشیرەتە، هەر دەسەڵاتێك گرنگی بدات بەعەشیرەت دواکەوتووترین دەسەڵاتە و هەنگاوەکانیان بەرەو ستەمکاریی و دیکتاتۆریی دەڕوات، چونکە خێڵ توانای دیفاعکردنی لەدیکتاتۆریی هەیە و داکۆکی لێدەکات لەهەموو ڕوویەکەوە.

ئەم پرۆسەیە زۆر خراپەو مۆدیلێکی زۆر ناشیرینە کە هەر دوو دەسەڵات کاری لەسەردەکەن، ئەم پرۆسەیە سەددامان بیردەخاتەوە کە ئەم

کارەی دەکرد. من پێموایە دەبێت خزمەت بەکۆی هاووڵاتیان بکرێت نەک فلآنە عەشیرەت و فیسارە هۆز. کەپارتی و یەکێتی هەریەکەیان یارمەتی کۆمەڵێك هۆز دەدەن و زیندوویان دەکەنەوە. من لێرەوە بەهەردوو سەرکردەی کورد دەڵێم ئەم پرۆسەیە ناشیرینترین پرۆسەیە و دژی کۆمەڵگەی دیموکراسی و مەدەنیەتە.

**تێبینی: وێنەکە دیمەنێکە لەفێستیڤاڵی عێڵی جاف ولەلایەن فۆتۆگرافەر(کامەران نەجم)ەوە گیراوە.**